www.kurdistannet.org
2-6-2003 21:33

# ئیسلام درندایەتی جەنگە ئاینییەکانی نەزانیووە بۆیە ئاینیی لە دەوڵەت جیانەکردۆتەوە

ئەحمەد فاتیح محەمەد

برنارد لویس ،چاوپێکەوتنەکە ئەسکەندەر حەبەش وەریگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی و ئەحمەد فاتیح محەمەد کردویەتی بە کوردی و لە سایتی الحوار المتمدن وەرگیراوە.

جیهانی ڕۆژئاوا دەربارەی پرسیارکردن لە جیهانی ئیسلامی هاوچەرخ نەوەستاوە ،وهەمیشە بە جیهانێکی خامۆش و ترسناك دەهاتە پێش چاوی، وەك دەشزانین کەس نکۆڵی لەو رابردووە پرشنگدارە ناکات. لێرەوە پرسیارێك لە خولیای هەمووانداية : كە چی روویداوە ؟ ئەم پرسارەش برنارد لویس یەكێك لەبەناوبانگترین پسپۆرەکانی مێژووی ئیسلام، دەیکاتە ناونیشانی کتێبێکی نوێی تازە دەرچوو : بەو بۆنەیەوە گۆڤاری ( ( لۆبوان) ) ی فەرەنسی ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا سازکردووە و وەرمگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی. .

پ/دوای ئەوەی بۆ ماوەی هەزار ساڵ مەڵبەندی شارستانی بوو، جیهانی ئیسلامی وەك لەکتێبەکەدا دەڵێیت بۆتە مەڵبەندی ( (لاوازی، هەژاری، نوقم بوون لە نەزانیندا) ) چ کاتێك ئەم وەرچەرخانە رویدا ؟ دەکرێت ئەو ماوەیە دیاری بکرێت ؟

و/ئەم گۆرانکارییە لە ماوەیەکی دیاریکراودا روینەداوە، بەڵکو لە چەند سەدەیەکدا رویداوە. ئیمرۆ دەتوانین ئاورێك بۆ دواوە بدەینەوە و هەوڵ بدەین، لەسۆنگەیەکی سەرتاپاگیر و مێژووییەوە ئەم ماوەیە دیاری بکەین. وەلێ بێگومان لەو ماوەیەدا ئەوە لە تواناادا نەبووە، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا زۆربوون ئەوانەی هەڵدەستان بەو هەوڵە، چ لە جیهانی ئیسلامی چ لە شوێنەکانی تردا.
ئەمە بەچەند شێوازێکی جیاواز، و لەچەند کات و چەند شوێنی جیاوازدا بووە، لەکۆتایی سەدەی حەڤدەهەم کە سالێکی بێ وێنەبووە.

پ/هەروەها سەردەمی زێرینی ئیسلام بەهۆی درێژبوونەوە و فراوانخوازییەوە بوو، ئایا ئیسلام ناتوانێت بەبێ فتوحات گەشە بکات ؟
و/وەلێ ڕێتمی فراوانخوازی لە ئیسلامدا تەنها لە سنوری فتوحاتە سەربازییەکاندا نەبووە. لە باشوری رۆژهەلأتی ئاسیا و بەرێژەیەکی زۆریش لە ئاسیای ناوراست و ئەفریقیا ئیسلام بەهۆی کاریگەرێتی و قەناعەتکردنەوە بووە.

پ/بەدرێژایی سەردەمەکان جیهانی ئیسلامی ئامادەبووە بۆ هەڵمژینی، بیر و داهێنراوە هاوردەکان لە ئغریق و رۆما و چین و هند، پاشان لەسەر خۆی قۆرخ بوو وداخرا، چۆن ئەمە شرۆڤە دەکەیت ؟

و/ئەمە ئەو پرسیارە سەرەکییە، کەچەندین وەڵامی جیاواز بەدەوریدا خول دەخوات. هەندێك ئەم هەڵەیە بۆ ئیسلام دەگێرنەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە بە ئاسانی ئیدراکی پێناکرێت، چونکە زۆرترین داهێنانی سەردەم لەم شارستانیەتەدا ، هاوکاتە لەگەڵ گەشەکردن و ئەو ماوەییەی تێیدا بلاْوبۆتەوە. بەلاْم هەندێکی تر ئەم هەڵەیە بۆ خوێندنگە ئیسلامی و ڕەوت و شیکردنەوەکانیان دەگێڕنەوە کە دەورێکی سلبی هەبووە، بەلاْم هەندێکی تر هۆکارەکە بۆ شیکردنەوەی سیاسی و ئاینی دەگێرنەوە. ئەمەش وەك حاڵی پرسیارە گەورەکانی مێژوو، هیچ راڤەیەکی ئاسان و پەسند ی لای هەمووان نیە. وهەوڵمداوە لە رۆژنامەکاندا چەند وەلاْمێك پێشکەش بکەم وبەتایبەتی لە وەلاْمی هەندێك لەو موسولْمانانەی دیدێکی ڕەخنەییان بۆ کۆمەڵگاکانیان هەبووە.

پ/دۆزینەوە گەورەکان و گەشەکردنە زانستییەکان داهێنانی ئەوروپا بوو نەك جیهانی ئیسلامی، وێرای ئەوەش وادەردەکەوێت، کەزۆر گەشەکردووتربێت لەماوەی رابردوودا بۆچی ؟

و/ بۆچەند ماوەیەکی دوورودرێژ، دۆزینەوەی زانستییە گەورەکان لە جیهانیئیسلامدا دروستدەکرا، نەك لە ئەوروپا، قوتابیە ئەورووپیەکان هاتوچۆی زانکۆ ئیسلامیەکانیان لە ئیسپانیا و سەقلیە وچەندین شوێنی تر دەکرد. فێری عەرەبی دەبوون بۆئەوەی بە عەرەبی بخوێننەوە، وهەندێك جار لە عەرەبییەوە دەقە زانستیی و فەلسەفییەکانیان وەردەگێرایە سەر زمانی لاتینی. بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم پرسیارە تەنها دەربارەی مێژووی ئەورویی ناخرێتە روو، بەڵکو دەربارەی مێژووی ئیسلامیش.

پ/لە سەدەی رابردووەوە، جیهانی ئیسلامی هەوڵی تازەکردنەوەی خۆی لەسەر ئاستی داهێنان و سیاسەت و سەربازیدا داوە. ئیتر بۆچی توشی ئاستەنگی بوو لە بەدیهێنانی مۆدێرنەی رۆشنبیری راستەقینە، کە دەروازەی هەموو بابەتەکانی ترە ؟

و/بەمەبەستی راڤەکردنی سەرنەکەوتنی مۆدێرنە بەشێوەیەکی گشتی لە ناوچە ئیسلامییەکاندا، زۆر شیکردنەوە پێشکەشکراون و زۆری تریش پێشکەش دەکرێت.

وەك سنورداریەتی جیهانی عەرەب بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی لە رۆژئاوای مەسیحیدا هاتۆتەدی. وزۆرترین جیاوازی کە هەموو گەریدەکان دەریانخستووە جیاوازی هەل و مەرجی ژنانە. لەنوسینێکدا ساڵی ١٨٦٧ دا نامیق کەمال، جیهانی ئیسلامی بەرۆژئاوا بەراورد دەکات : جیهانی ئیسلامی بە لاشەی مرۆڤێك کەیەك لای ئیفلیجە وێنا دەکات. ئەم جیاوازییە بێگومان لەپلەیەکی بەرزی گرنگدایە، چونکە زیان بە هەموو دانیشتووانی

www.kurdistannet.org
2-6-2003 21:33

کۆمەڵ دەگەیەنێت وبایەخ بەپەروەردەکردنی نیوەکەی تریشیدەدا.

پ/لە کتێبەکەدا دەڵێیت، بە پێچەوانەی مەسیحیەتەوە، لە ئیسلامدا جیاوازی لە نێوان پیرۆز و قێزەوەندا نیە. وتەنها ئەزموونی عەلمانیەت کە لە جیهانی ئیسلامیدا پەیرەوکرابێت، لەسەر شێوازی ئەتاتۆرك بوو لە تورکیا کەدژی ئاین جێبەجێکرا.

و/جیاکردنەوەی نێوان کەنیسە و دەوڵەت ڕەگی لە ئنجیلەکاندا هەیە، بەڵام نەبووە ڕاستی، دوای چەند سەددەیەك لە جەنگە ئاینییەکان نەبێ، کاتێك مەزهەبە جیاوازەکانی مەسیحیەت هەوڵی سەپاندنی بیروباوەڕو دەسەڵاتی کەنیسەیی خۆیان بەسەر مەسیحیەکانی تردا ئەدا، بەچەوساندنەوەیان لەسەر زەوی خۆیان و لەدەرەوەش بەزەبری چەك. موسوڵمانەکان ئەمە دەزانن وگفتوگۆی ناوخۆی نێوان شیعە و سوننە ناکەن، هەرچەندە ئەمانە وێرای ئەوەی لە دوورەوەش لە دراندایەتی جەنگە ئاینییەکان نزیك نە بونەتەوە. جیاکردنەوەی نێوان ڕۆحی و زەمەنی لەلایەن موسوڵمانەکانەوە بە چارەسەرێکی مەسیحی دانراوە بۆ خراپەی مەسیحی کە جێگای مەبەستیان نیە. لە سەردەمی ئێستادا هەندێك وامەزندەیان دەکرد جیهانی ئیسلامی توشی نەخۆشی مەسیحیەکان بووە، دەتوانن لەسەرەتادا تاك خەوبە چارەسەری خۆیەوە ببینێت.

پ/لە ئەوروپا لەسەرەتای ڕێنیسانسەوە، تاك وردە وردە، توانی لە کۆتی ئاینیی و کۆمەڵایەتی کە چواردەوری گرتبوو ئازاد بێ، هەروەها ئاین هەنگاو بە هەنگاو دابەزییە ئاستی کەسێتیەوە، ئایا ئیسلام دەتوانێت هەمان ڕێڕەو بگرێتە بەر ؟

و/ئەو دوو شوێنە گرنگەی ئێستا جێگای گفتوگۆی ئێمەیە دوو وڵاتی ئیسلامیە، تورکیا تەنها دەوڵەتی ئیسلامیە کە ئاینی لە دەوڵەت جیاکردۆتەوە و لە دەستوریشدا تۆماریکردووە، هەوڵی دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتی و عەلمانیداوە. لە ماوەی (٥٠) ساڵی ڕابردوودا، جۆرێك لە میانڕەوی هەبووە لە جێبەجێکردنی ڕێسا دانراوەکان کەپەیوەندی بە پەروەردەی ئاینیی و مومارەسەی ئاینییەوە بووە، بەڵام تائێستا بنەمای سەرەکی بوونی هەیە. سیاسەتی ئێرانی تەواو پێچەوانە دەوەستێتەوە، وادەبینێت کە دامەزراندنی دەوڵەت و دیاریکردنی ناسنامە و تەمەنی یاسایی هەمووی لە ئیسلامدا دیاریکراوە. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە تورکیا دەریخست کە 2. % ی دەنگدەران دەوڵەتێکی ئاینیان بەلاوەپەسندە، بەڵام ڕێژەی سەدی ئەو ئێرانیانە نازانین کە ژیانیان لە دەوڵەتێکی عەلمانیدا بەلاوە پەسندە، چونکە دەوڵەتی ئیسلامی ڕێگانادات بۆ دەربرینی ئەو خواستە. بۆ ماوەیەکی درێژ بە مانایەك تورکیا تەنها دەوڵەت بوو کە ئیسلامی لەخەسڵەتی سەرەکی خۆی بێبەشکردبوو. وئێستا دەتوانین کۆمارە هەڵوەشاوەکانی سۆڤیەتی ڕابردووش کە دانیشتوانەکانیان موسوڵمانن زیاد بکەین، چونکە گفتوگۆ

دەربارەی ئەو بابەتە لەلوتکەدایە. هەروەها سەبارەت بەئەندەنوسیاش ئاینەیەکتاپەرستەکان ئاینیی رەسمی دەولّەتن، نەك تەنها ئیسلام بەشێوەیەکی تایبەتی.

پ/ ئایا هەلومەرجی ژنان لە کۆمەلّگای ئیسلامیدا راڤە بۆ بیێ توانایی ئیسلام دەکات کە پڕاوپڕ بچێتە ئیسلامەوە ؟

و/ پێشتر ئاماژەم پێدا و جەختیشی لەسەردەکەمەوە، بەلّێ پایەی ژنان ئایتمێکی سەرەکی خەباتە لە پێناو مۆدێرنەدا. ئەو پیاوانەی پەروەردەبوون لەسەر رێزگرتن لە میتۆدی خێزانی پیرۆز، ئامادەگیان نیە لە کۆمەلّگایەکی مۆدێرن وکراوەدا بژین.

پ/جیهانی ئیسلامی هاوچەرخ لە قوربانییەك دەگەرێت بۆ شرۆڤەکردنی سەرنەکەوتنی خۆی، بۆچی ئەمریکا و ئیسرائیل ؟

و/ چەندین جار ئوسامە بن لادن دیدی خۆی بۆ ئەم جەنگە دیاریکردووە ،کاتێك دوژمنەکانی بە خاچ پەرستەکان ناوزەدکردووە. ئایا پێویستمانە ئەوە بهێنینەوە یاد کە خاچ پەرستەکان نە ئەمریکی بوون نە یەهوود؟ لە کۆمەلّگا داخراوەکانی ئێستادا حکومەتەکان خاوەن و بەرێوەبەری دەزگا لۆکالّیەکانی راگەیاندنن، وشارەزابوون کە چۆن فێلّ بە رۆژنامەنوسی بیانی بکەن، وەك دەبینین نەتوانراوە تەعبیر لەو چەوساندنەوە راستەقینەیە بکرێت کە هەیە، بۆیە پێویستمان بە قوربانییەکی سوتاو هەیە. هێرش کردنە سەر ئەمریکا و ئیسرائیل کارێکی خۆشە، چونکە بڕوامان بەوەهەیە کەئەو کارە پەرچەکردارێکی گرنگ لەئەورووپا دروست دەکات .

پ/ئایا دیاردەی بن لادن ئاماژەیە بۆ نەتوانین لە چوونە ناوەوە بۆ مۆدێرنە ؟
و/دیاردەی بن لادن دیاردەیەکی ئالۆزە، بەلاّم بڕوام وانیە کەلەم سەرنەکەوتنەدا بابەتێك ببینیّ کە جێگای نارازیبوون بیّ. داواکانی تیشك دەخاتەسەر سەرکەوتنی مۆدێرنە نەك سەرنەکەوتنی. وسەرکەوتنەکانی دەکەوێتە

ئەستۆی هێزە مەسیحیە رۆژئاواییەکان و پاشان حکومەتەکانی جیهانی ئیسلامی، کەئەویش و زۆرینەش بە بوکەشوشەیەکیان دادەنێت بەدەستی رۆژئاواوە، کە کۆمەلّگای ئیسلامی پیسدەکات بەهاتنە ناوەوەی فەسادی ترادسیۆن و هەرەسی رۆژئاوا .لەیادمان نەچێت کەوا جیهاد، لەروی شەرعەوە دەتوانین لەبەرامبەر دوو دوژمندا هەلّبکێشین : کافر و هەلّگەڕاوەکان، لەگوتاری ئوسولییە ئیسلامییەکاندا هەلّگەڕاوەکان دەبینین.

ahmad_dokan@hotmail. com

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت